# خەوني باڵندەيەكي سثي ... ئەحمەدي مەلا

پێی دەچێ هەروا ئازادانە ئەم باخچەیە ئاو نەدرێت، هەروا ئاسان ئەم رچانە نەچنەوە سەر دەشتاییەکانی جوانی.ئیمشەو، نازانم لە چ هەرێمێکەوە تاراکەت هەڵوەری، روخسارەکەی جارانت وەك هەناری شەقی برد و ئاوازەکانی گرت دەکردەوە! پێی دەچێ شەماڵ رێگای لێ ون بووبێت! چ دونیایەکە! شەماڵتان بینیوە بە بێ نازداری هەڵکات؟

زۆرجار هەستم کردووە تۆ لە ئەزەلەوە دێی بۆ ئۆخشژن، لە دونیایەکی دییەوە بۆ هەڵکردنی شەمێ، لا ئاسمانێکی ترەوە بۆ گواستنەوەی وەرچەرخان، بۆ تاڵە ئازارێکی پێویست، پێویستی.

نازانم چۆن وشە و لەش لەیەکتر جوێ کەمەوە؟ نازانم سنووری سنووری ئاو و هەتاو چۆن لە سەر جەستەت ئاوێتە دەبن؟ نازانم چۆن و کەی ئەم باڵندە سپییانە لە سەر بازووت دەنیشنەوە و خەون دەبارێ؟

پێی دەچێ دەمێك بێ کڕا بێتم، دەمێك بێ زات و زەینم هی تۆ بێ.رەنگە تۆش پەتیارەیەك بیت، هی هەموو کەس و کەسیش هی تۆ نەبێت! تۆی ئازاد و پێ سووك و لەش هەورین.دەمێکە دەباریتە سەر کەساسی.

بەرگری لە چی دەکەم؟ ئەوەی هەمبوو هی تۆ بوو، ئەوەی هەمبوو بەهای با و قورسایی ئازادی هەبوو، کەواتە چش لەم کەساسییەی کە دەگمەن نمەت دەبێتە رێژن، دەگمەن...دەگمەن...دەگمەن...

براکەی سەدەی نۆزدەمم...ئەوەی ئاگری لە یەزدان دزی و لە سەفەرەکانا پێی هەڵوەری، بیرت دەکەم...دەتبینم و نەمردووی...لە رچە کەسکەکانەوە دەرژێیتە نێو شینایی..لە بندیواری کلێسەکانەوە دزە دەکەی...دەتنبینم چۆن وەکو قوڕ دەدرەوشێتەوە...تۆی بەچکەی هەتاو.

تۆ ئەوت خستە سەر کۆش و هەلاتی...هەلاتی بەرەو ئاقاری رۆشنایی کە ئێستا تەنها هێلانەن بۆ تاریکیی...

کەواتە منیش لە رەحمی تاریکییەوە وەکو ئەستێرەیەکی گومڕاە هاتووم و فێرە کڕنۆش نەبوومە..فێری ئەوە بوومە ئازاری بەرد لە ئەستۆ هەڵگرم بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە گوناهتان خۆش بم.من ئەستێرەیەکی گومڕای بێ گوناهم..گەردنی بەرد و بنچکە گیا ئازاد بێت.

حەکایەت وا دەگێڕێتەوە رەچەڵەکی من دەگەڕێتەوە سەر رەچەڵەکی تۆ.ئەمەش وجوودم سووکتر دەکات.بەڵام حەکایەت کۆتایی نایەت!

ئەمەش خەمی گەرچکێکە تەنها دیوارێ دەینووسێتەوە...

ئەمەش کێشی پێیەکە تەنها خوڕڕەی ئاو دەیناسێتەوە..

ئەمەش سێبەری پەیڤێکە تەنها دەنگێ دەیناسێتەوە...

منیش دەتخەمە سەر کۆشم و وەکو ژەهرێ دەتخۆمەوە..بەڵام رچەیەکیش ناماوە کانییەك بێت بۆ رۆشنایی...

کەواتە گەردنتان ئازاد بێت!

٢٠/١١/٢٠٠٤